ئیدی وا دێرە بۆ کەرکووک

ئەمجەد شاکەلی

لە شاری لەندەن و لە هۆڵێکی زانستگەی لەندەن، لە نێزیکی وێستگەی قەتاری ژێرزەوینی ڕەسڵ سکوێر(Russel Square)، لە ڕۆژی22–1–2007 دا، چەند کەسیک بۆ ماوەی شەش سەعات و نیو کۆبوونەوە و قسەوباسیان کرد. بەشێک لەو کەسانە لە کوردستانەوە هاتبوون و بەشێکیشیان لە ئەورووپا دەژین. خەڵکانێکی زۆر کەم و دیاریکراوی دانیشتووی شاری لەندەنیش، کە پێوەندێکیان بە کۆمەڵەی کوردی و ئەوانەوە هەیە، نامەی تایبەتی بانگهێشتنیان بۆ نێردرابوو و بانگکرابوون بۆ ئامادەبوون لەو دانیشتنەدا. خڕبوونەوەی ئەو بەڕێزانە بۆ باسکردنی پرسی کەرکووک و برگە قانوونی 140 بوو. ئەوەیشی ئەو جڤینەکەی سازکردبوو، دەستەیەک بوون بە نێوی"دەستەی پشتیوانیی کەرکووک". تا ڕۆژی دوای کۆتایی ئەو جڤینە هیچ میدیایەکی کورد چ لە کوردستان و چ لە دەرێی کوردستان، تاکە یەک وشەیشیان لەمەڕ ئەو جڤینەوە نەنووسی و پەخش نەکردەوە. دوای تەواوبوونی جڤینەکە لە ماڵپەری ئینتەرنێتی یەکگرتووی ئیسلامیدا باسکرا، ئەویش لە باسی یەکێک لە بەشداربووانی جڤینەکەدا، کە وەزیرێکی سەر بە یەکگرتووی ئیسلامی بوو و دۆکتۆر نووری تاڵەبانییش، کە بۆ خۆی یەکێک بوو لە بەشداربووانی ئەو جڤینە، ئەو گوتارەی کە لە جڤینەکەدا خوێندبوویەوە، بڵاو کردەوە. بە ماڵپەڕەکەی یەکگرتوو و گوتارەکەی دۆکتۆر تاڵەبانی، من بۆ خۆم ئاگاداری ئەو هەواڵە بووم.

دوو مانگێکی تر دەکاتە چوار ساڵ، حوکوومەتی بەعس ڕووخاوە و کەرکووک و دەڤەرەکانی دیکەی کوردستانیش "ئازاد" کراون، بەڵام چ ئازادییەک! سەرانی کورد و دەسەڵاتدارانی کوردستان، هەر لە ڕۆژی یەکەمی چوونە نێو کەرکووکیانەوە، بە سیاسەتێکی دووناسیاسەت و دووفاقی و دووحیزبی و دوودەسەڵاتی و ناتەبا و بێبەرنامە و بێنەخشەوە چوونێ.

بە گوێرەی هەردوو قانوونی 58 و 140ی شەرمهێنەر و نەفرەتلێبووی دەستوورەکەی عیراق، کە سەرانی کورد هەر بە مۆرکردنی و قایلبوون پێی، بەوەی چارەنووسی کەرکووک بە دەنگدان و ڕاخوازیی یەکلا بکرێتەوە، بۆ خۆیان کوردستانیبوونی کەرکووکیان خستە ژێر گومانەوە و دەستبەرداری مێژوویەکی سەدان ساڵە و ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر و گومانلێنەکراوی وەک کوردستانیەتیی کەرکووک بوون.

بە گوێرەی قانوونی 140ی نەفرەتلێبوو و سروشتاندنی ڕەوشی کەرکووک، دەبێ تا کۆتایی مانگی سێیەمی 2007، تەواوی دەڤەر و شارۆچکە دابڕاوەکانی ئوستانی کەرکووک، وەک خورماتوو، کفری، کەلار و چەمچەماڵ بگێڕدرێنەوە سەر کەرکووک، بەڵام تا ئێستا یەک گوند، یەک کۆڵان، یەک میتر خاک و تاکە یەک ماڵی ئەو شوێنانە نەگێڕدراوەتەوە سەر کەرکووک و کۆتایی مانگی سێیەمیش کەمتر لە دوو مانگی ماوە!

به گوێرەی قانوونی 140ی نەفرەتلێبوو، دەبێ لە پێش کۆتایی ساڵی 2007دا، تەواوی کوردی ئاوارە و وەدەرنراو لە کەرکووک بگێڕدرێنەوە کەرکووک و عەرەبی هەناردەی[1] سەردەمی بەعس و عەرەباندنیش بگێڕدرێنەوە خاک و وڵاتی خۆیان، لێ تا ئێستا وەها کارێک نەکراوە و هەرچی عەرەبی هەناردەن هەر لە کەرکووکن و ئاوارەی کەرکووکیش ئەگەر بەشێکیشی گەڕابێتەوە، لە خاک و ماڵی خۆیاندا(کەرکووک) ئەوان هەر ئاوارەن و لە خراپترین ڕەوشدا دەژین.
به گوێرەی قانوونی 140ی نەفرەتلێبوو، دەبێ دوای گێڕانەوەی شارۆچکە و دەڤەرە قرتاوەکانی کەرکووک بۆ سەر کەرکووک و دوای گێڕانەوەی عەرەبی عەرەباندن بۆ وڵاتی خۆیان و دوای گێڕانەوەی کوردانی ئاوارە بۆ کەرکووک، ئامار و سەرژمێرییەک ئەنجام بدرێت. تەواوی ئەو کارانە دەبێ پێش کۆتایی 2007 بکرێن، لێ هێشتا یەکەم هەنگاو بۆ یەکەم کار نەنراوە!
سەرکردەیەتیی سیاسیی کوردستان و دەسەڵاتی کورد لە کەرکووک تا ئێستا ناوە بەعسی و عەرەبێنراوەکانی یەک گەڕەک و یەک جادەی کەرکووکیان نەگۆڕیوە. میدیاکانی کوردستان بە تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامە و تەنانەت ماڵپەڕی حیزبەکان و دەسەڵاتی کوردیشەوە تا ئێستا زۆر بێشەرمانە و بێئاوڕووانە و بێ ئەوەی هیچ بیرێکی لێ بکەنەوە، کە باسی گەڕەکەکانی کەرکووک دەکەن و نێویان دەبەن، هەر ناوە بەعسی و عەرەبێنراوەکانی سەردەمی بەعس بەکار دەبەن. بۆ نموونە دەڵێن: گەڕەکی ئەلعورووبە(العروبة)، گەڕەکی ئەلواسیتی(الواسطي)، گەڕەکی ئەلموسەننا (المثنى)، گەڕەکی ئەلجاحیز(الجاحظ)، گەڕەکی ئەلحوڕییە(الحرية)، گەڕەکی ئەلحەججاج(الحجاج)، دوورلئەمن(دورالامن)، گەڕەکی ئەششورتە(الشرطة) و....لە هەموویش دزێوتر و ناحەزتر، گەڕەکی ئەلبەعس(البعث)، لە کاتێکدا کە نێوی بەعس لە هیچ شوێنێکی عیراق و لە نێو عەرەبی عیراقیشدا نەماوە، کەچی لە کەرکووک، بە سایەی سەری دەسەڵاتدارانی کوردستانەوە هەر ماوە و بۆ خۆیان، وەک بڵێی لە زاریان خۆش بێت، هەر دەیڵێنەوە!
به گوێرەی قانوونی 140ی نەفرەتلێبوو، کێشەی کەرکووک لە چوارچێوەی عیراقدا و عیراقییانە و بە هاوئاهەنگیی لەگەڵ لایەنە عیراقی و نەتەوەجیاواز و هێزەجیاوازەکاندا چارەسەر دەکرێت. تورکیایش هەمیشە وەک "مشتەی نێو هەمبانەکە" ئامادەیە و لەسەر پێیە و هەردەم مرخی لە کەرکووک خۆش کردووە و بە هی خۆی دەزانێت و پشتی شۆڤینیستانی تورکمانی کەرکووک دەگرێت و لەگەڵ هەموو جیهاندا و تەنانەت لەتەک شەیتانیشدا دژی کورد هاریکاریی دەکات، کەچی سەرانی کورد ناتوانن بۆ یەک جاریش، ئەگەر وەک کورد، لەبەر بەرژەوەندە ئابووری و پێوەندەکانیان لەگەڵ تورکیادا ناوێرن، هەر هیچ نەبێت"عیراقییانە" و برێک بە توندیی بەرپەرچی تورکیا بدەنەوە. سەرانی کورد بۆ خۆیان ماف بە تورکیا دەدەن و ڕێگەی بۆ خۆش دەکەن، کە خۆ لە پرسی کەرکووک هەڵقورتێنێت و خۆ بە خاوەنی کەرکووک بزانێت. بەوەی کە هەر جا نا جارێک بانگهێشتنی تورکەکان دەکەن بۆ "سەردانی کەرکووک و ئاگاداربوون لە نزیکەوە لە ڕەوشی تورکمانەکان و کەرکووک"[2]، بۆ خۆیان تورکیا دەکەنە خاوەنی کەرکووک یا هیچ نەبێت خاوەن بەش لە کەرکووک. ئەگەر کەرکووک، وەک سەرانی کورد مۆریان کردووە، پرسێکی عیراقییە، ئیدی تورکیا چ مافێکی

---

[1] ئەگەر بە عەرەبی عەرەباندنی کەرکووک بگوترێ"هاوردە" دەکاتە ئەوەی کە بۆ کەرکووک هێنراون. من کە دەڵێم "هەناردە" مەبەستم ئەوەیە، کە لە لایەن ڕێژیمی بەعسەوە نێردراون و بەعس هەناردوونی. هیچ یەکێک لەو دوو وشەیە هەڵە نییە.

[2] چەندین جار جەلال تاڵەبانی بۆ خۆی بانگهێشتنی شاندی تورکی بۆ کەرکووک کردووە. لەم بەینەیشدا عەدنان موفتی، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانیش، بانگهێشتنی تورکانی کردەوە بۆ کەرکووک. بانگهێشتنی تورکان بۆ کەرکووک، کراوەیە و سەرانی کورد هەمیشەئامادەن لە خزمەتیاندا بن.

بەسەرەوە هەیە! سەرانی کورد ئەگەر برێک بوێر بووایەن و چاوەخواری بەرژەوەندە ئابووری و پێوەند و گرێدراوییەکانیان لەگەڵ تورکیادا نەبووایەن، ئەوا بە هێنانەگۆڕێی باسی ڕەوشی باکووری کوردستانی بندەستی تورکیا لەگەڵ تورکەکاندا و بە دنەدانی پەکەکە و خەڵکانی دیکەی دژ بە تورکیا، تورکیایان هەراسان و کەللەیی دەکرد و گوشارەکەی سەر خۆیانیش، کە هەمیشە وەک گیسکەکەی هەیاسی لێکردوون، کەم دەکردەوە.

ئەوەی بۆ میلیۆنان کورد و بۆ من جێی پرسیارە، پرسێکی چارەنووسازی وەک کەرکووک، کە گرنگترین پرسی سیاسی و مەزنترین کێشە و ئاڵۆزترین گرێکوێرەی نێوان خەڵکی کوردستان و بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان و حوکوومەتی نێوندیی عیراق بووە لە هەموو سەردەمێکدا و لەوەتی عیراق دامەزراوە، چۆن وەها لە هۆڵێکی داخراوی شارێکی ئەورووپاییدا و لە نێو بازنەیەکی داخراوی چەند کەسێکدا، کە ئەگەر نەڵێم هەر هەموو بەڵام زۆریان، سەروسەودایەکیان لەگەڵ دەسەڵات و حیزب و دەسگا و کارگێڕییەکانی کوردستاندا هەیە، دەخرێتە بەرباس و قسەی لەسەر دەکرێت! دیارە من گومانم لە دڵسۆزیی و شەکەتبوونی هیچ یەکێک لەو هێژایانە نییە، لێ بە من پرسی کەرکووک، پرسی تەواوی خەڵکی کوردستانە و پرسی خەڵکە و پرسی مرۆڤی ئاسایی کورد و ناکوردی کوردستانە. پرسی کەرکووک، پرسێکە پێوەندی بە تەواوی مرۆڤەکانی دانیشتووانی کوردستان، تەواوی کوردستانەوە، هەیە و هەموو کەس بۆی هەیە و دەبێت لە باسکردنی و قسەلەسەرکردنیدا بەشدار بێت. پرسی کەرکووک، دەبێ لە پرسی نێو هۆڵی داخراو و بازنەی داخراو و کۆڕی حیزب و گرۆ و کارگێڕی و دەسەڵاتەوە، بکرێتە پرسی خەڵک، پرسی تەواوی خەڵک، پرسی نێو جادە و کۆڵان و گەڕەک و کارگە و کێڵگە و خێزان و خوێندنگە و پرسی هەژار و ئاوارە و چینە داڕزاوەکانی کوردستان.

سەرکردیەتیی سیاسی کوردستان، زۆر درەنگئاخێزانە و خاووخلیچکانە دەجووڵێتەوە و بە مەبەست یا بێ مەبەست، بەم ڕەوتە کیسەڵییەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک و دەڤەرەکانی دیکەی لە کوردستان قرتێنراو بۆ سەر کوردستان، کە لە ماوەی سێ ساڵدا هیچ نەکراوە و لە ماوەی ئەم ساڵی 2007 ەدا دەبێ هەموو کارەکان تەواو بن، هەرگیز پێناچێت بەم ماوە کورتە فریای هیچ بکەوێت و پێدەچێت گەلێک دێر بێت.

من بە دەستی خۆم نییە و خۆیشم بە ناڕاست نازانم و پێشموایە تەواوی خەڵکی کوردستانیش، بێجگە لە خەڵکانی دەسەڵات و سەر بە دەسەڵات و حیزبییان، وەک من بیر دەکەنەوە، گومانم لە ڕاستگۆیی و بەتەنگەوەهاتن و دڵسۆزیی سەرکردەیەتیی سیاسیی کورد هەیە، لەمەڕ پرسی کەرکووک. ئەوەی بۆ تەواوی خەڵکی کوردستان و بۆ من جێی پرسیارە و سەرێشەم بۆ دروست دەکات و نیگەرانم دەکات ئەوەیە، ئەگەر لە دەنگدان و ڕاخوازی و ڕیفراندۆمەکەدا دۆڕان و کەرکووک "بە قانوون" نەگێردرایەوە سەر کوردستان و لە کوردستان بە تەواوی قرتێنرا، ئیدی تەواو"ئاو بێنە دەست بشۆ"! ئەودەمی چ دەڵێن و چۆن بەرسڤی نەوەکانی داهاتووی کورد و مێژوو دەدەنەوە!!! سەرانی کورد، ئەگەر تا ئێستا نەیانزانیوە، یا خۆیانی لێ گێل دەکەن، گەرەکە ئەوە بزانن، کە کەرکووک بە قانوون نە عەرەبینراوە و بە قانوونیش ناگەڕێتەوە و ناکرێتەوە کوردستان، بەڵکە کەرکووک بۆ خۆی کوردستانە و هەموو منجەمنج و لێوەلەرزە و گومان و سازشکارییەک لەسەر کورردستانیبوونی کەرکووک، ناپاکییە بەرانبەر گەورەترین پرسی گەلی کوردستان[3].

---

[3] کە دەگوترێ پرسی کەرکووک، مەبەست تەواوی کەرکووک و هەموو دەڤەرەکانی تریشە، وەک مووسڵ(تەواوی مووسڵ) و مەخموور و خانەقین و مەندەلی و شارەبان و بەدرە و جەسسان و بەشێکیش لە ئوستانی کووت.

2007–1–31